# دەستەی داکۆکی لە داخوازییەکانی خەڵکی کەرکوك داوایەکی قەزائی لە دژی هێزەکانی ئەمریکا تۆمار دەکات سەبارەت بە ئەنجامدانی کوشتارەکەی رەحیمئاوا

**بە ئاگاداری هەموو لایەکی دەگەیەنین کە دەستەی داکۆکی لە داخوازییەکانی خەڵکی کەرکوك داوایەکی قەزائی لە دژی هێزەکانی ئەمریکا وهیزی پۆلیسی عیراقی لە دادگای لیکۆڵینەوەی کەرکوك تۆمارکردووەو تیایدا ئەو هیزانە بە استفزاز کردن‌و پەلاماردانی جەماوەری بێدیفاع‌و ڕێپێوانی هیمنانەیان‌و بە تەقەکردنی هەڕەمەکی لە دژی خەڵك‌و کوشتن‌و بریندارکردن‌و زەرەروو زیان گەیاندن بەماڵ‌وموڵکی خەڵك تاونبارکراون.**

**ئێمە لە کاتێکدا ئەم داوا یاساییەمان بۆ نیشاندانی ئەوپەڕی توڕەیی‌و ئیدانەی خۆمان لەو تاوانەی دەرهەق بە خەڵکی کەرکوك ڕادەگەیەنین، بانگەوازی هەموو ئازادیخوازانی جیهان‌و هەموو ریکخراوە مافخوازەکان‌و هەموو ئەوانەی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن لە ناوەوەو دەرەوەی عیراق‌و هەموو پاریزەرو یاساناسان دەکەین کە بۆ پشتیوانی کردن لە هەوڵ‌و تەقالامان لە دژی ئەو ژێرپێنانە ئاشکرایانەی دەرهەق بە مافەکانی ئینسان لە عیراقدا دەکرێت‌و بۆ بەرەنگاربوونەوەو بەرپەرچدانەوەی سەرکوتی هیزەکانی ئەمریکاو عیراق لەگەڵمان بوەستن. بۆ ئەوەی چی تر تاوانی لەم چەشنە دووبارە نەبێتەوەو ئەم هیزانە ناچاربن ریز لە مافەکان‌و ئازادییەکانی جەماوەر لە خۆنیشاندان‌و مانگرتن‌و ئیعتیصام وشیوازە مەدەنییەکانی تر بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین‌و خەبات لە پێناوی خواستەکانیان، بگرن.**

**هەروا بانگەوازی هەموو کەس‌وکاری قوربانیان‌و بریندارەکان‌و هەموو ئەوانەی زەرەروزیانیان لێکەوتووە وتا ئیستا پەیوەندییان پێوەنەکردووین دەکەین کە پەیوەندیمان پیوە بکەن بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری وتۆمارکردنی شایەتییەکانیان لە دژی هیزەکانی ئەمریکاو پۆلیسی عیراقی.**

**ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو داوا یاساییەیە کە لە ریکەوتی 41–2006 لە دادگای لیکۆڵینەوەی کەرکوك تۆمار کراوە.**

*بۆ بەڕیز دادوەری دادگای لیکۆڵینەوەی کەرکوك*

*بابەت/ تۆمارکردنی داوا*

*پاش سڵاو*

لە دوای ئەوەی ریپیوانی جەماوەری لە 1-1-2006 لە لایەن خەڵکی ڕەحیمائاوا لە کەرکوك دەستی پیٚکرد ، کە ریپیوانیکی هیمن بوو ، بە هۆی کارە ستفزازییەکانی پۆلیس‌وهیزەکانی ئەمریکاوە گۆڕا بە کاری توندوتیژی‌و تەقەکردنی هەڕەمەکی لە خۆپیشاندەران لە لایەن ئەمریکییەکانەوە، بۆیە ئیمە داواکارین لە بەڕیزتان کە لیکۆڵینەوە سەبارەت بەم کیشەیە بکەن، پەردە لەسەر ناسنامەی ئەوانە هەڵدەنەوە کە تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردووەو دادگایییان بکەن‌و قەرەبووی زەرەرو زیانەکانی بریندراەکان‌و زیانلیٚکەوتووان بکەنەوە. ئیمە لەسەر ئەوەی کە هیزەکانی ئەمریکا پۆلیسی عیراقی بەرپرسن لەو ڕووداوە شایەتمان هەیە کە ئامادەن بێنە دادگا.

***محمد عزیز***

***لە دەستەی داکۆکی لە داخوازییەکانی خەڵکی کەرکوك***

*2006-1-4*

**دەستەی داکۆکی لە داخوازییەکانی خەڵکی کەرکوك** 2006-1-6

---

**بۆ پەیوەندی تەلەفۆن بۆ ئەم ژمارانە بکەن: محمد عزیز: 009647701325656، رەمەزان صابر: 009647701324181**